# عەدنان پاچەچی لە بەڵگەنامەیەکدا

محەمەد هەریری – لەندەن
hariri66@yahoo.com

لە نوسینەکەی رۆژی ٢٠٠٣/٥/٨ بە ناونیشانی (نامەیەکی خێرا بۆ کورد وبەرپرسانی کورد لەمەر عەدنان پاچەچی) باسی هەڵوێستی نێگەتیڤانەی پاچەچیمان کرد دەرهەق بە کورد ودۆزەکەی، هەروەها ئاماژەشم کرد بە چەند بەڵگەنامەیەك لەو بارەیەوە، پەیمانیشم دا کەوا یان هانی ئەو لێکۆڵەرە بەرێزە دەدەم بڵاویان کاتەوە، یانیش خۆم بە کوردی بڵاویان دەکەمەوە.
پاش پەیوەندییەك لەگەڵ بەرێز مێژوناسی کورد دکتۆر عوسمان عەلی بە سوپاسەوە بەڵگەنامەیەکی بۆ ناردم، ووتی تەنها یەك بەڵگەنامەیە دەربارەی (عەدنان پاچەچی)، من وادیارە بە هەڵەدا چووبووم کە پێموابوو چەند بەڵگەنامەیەکن، نەك یەك.
بەڵام ئەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەو بەڵگەنامەیە بەسە بۆ هەڵسەنگاندنی بیروڕای (عەدنان پاچەچی) وەك سیاسەت مەدارێك.
بەڵگەنامەکە لەژێر ئەو ژمارەیە F0371/1703515 لە (public record office) نوسینگەی تۆمارگەی گشتی لە لەندەن.
باگراوندی بەڵگەنامەکە لەوەوە دێت، کاتێك یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، لە رێگای نوێنەری هەمیشەی خۆی لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا، لە تەموزی ساڵی ١٩٦٣ کێشەی کوردی ورووژاند لەبەر هەرهۆیەك بێت، وحکومەتی عێراقی تاوانبار کرد، بە بەرپاکردنی شەڕی قەڵاچۆکردن لە دژی کورد، بە پاڵپشتی سوپای سوریای عەرەبی.
ئەو هەڵوێستە لەو رۆژگارەدا زۆر کاریگەر وبە سود بوو، هەرچەندە لە رەحمی کێبەرکێی شەڕی ساردەوە لە دایك ببوو، چونکە حکومەتی عێراق وچەندین حکومەتی تری ناوچەکەی راچڵەکاند، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە جیهان وەك ئێستا یەك جەمسەر نەبوو!
لەو بڕوایە دام ئەگەر بهاتایە ئەو هەڵوێستەی یەکێتی سۆڤیەت رەسەن وشیلگیر بوایە، ئێستا کێشەی کورد بە ئاقارێکی تر گوزەری کردبوو، نەك تەنها لە کوردستانی بندەستی عێراق، بەڵکو لە هەموو بەشەکانی تری.
لەو سەردەمە (عەدنان پاچەچی) نوێنەری هەمیشەی عێراق بوو لە مەجلیسی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، وادیارە هێشتا پرۆسێسی لیبرالیزمەی بەسەردا نەهاتبوو، بۆیە زۆر شۆڤێنستانە هێرش دەکاتە سەر کورد وشۆڕشەکەی، چەندین ناو وناتۆرەی وەك (یاخیبوە ناپاکەکان) و(دەستەیەکی ناپاك لەوانەی لە یاسا دەرچوون) و(لە دەرەوە پاڵپشتیان لێدەکرێت بۆ پارچە پارچەکردنی گەل وخاکی عێراق) یان لێدەنێت... لەگەڵ چەندین زاراوەی تری قاموسی شۆڤێنییەتی عەرەبی.
ئینجا یەکێتی سۆڤیەت تاوانبار دەکات بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق، کاتێکیش نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت لە نامەکەی باسی دەستێوەردانی سوریا دەکات (عەدنان پاچەچی) لەوەڵامەکەیدا زۆر بێ شەرمانە نکولی دەکات لە بەژداری کردنی سوپای سوریا لە دژی کورد، وهەقیقەتەکە ئاوەژوو دەکاتەوە کاتێك دەڵێت تەنها دەستێوەردانێك ئەگەر لە ئارادا بێت ئەوە دەستێوەردانی یەکێتی سۆڤیەتە لە رێگای ورووژاندنی کێشەیەکی ناوخۆی عێراق لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا!!!
ئەم پیاوە بەو عەقڵیەتە لە هەموو کاندیدەکانی تر بەختی سوارترە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی عێراقی دیموکراتی فیدراڵی پلورالیزم....هتد.
ئەوەش دەقی بەڵگەنامەکەیە :

F0371/1703515

ئەنجوومەنی ئاسایش – نەتەوە یەکگرتوەکان

بۆ وتووێژی گشتی

S/5346

١٠ی تەموزی ١٩٦٣

کۆپی رەسەن

www.Kurdistannet.org
کوردستان نێت

نامەیەك لە نوێنەری هەمیشەی عێراق لە نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ سەرۆكی مەجلیسی ئاسایش، ١٠ی تەموزی ١٩٦٣

ئاماژە بە بەڵگەنامەی ژمارە S/5345 لە ڕێكەوتی ٩ی تەموز كە نامەیەك بەخۆە دەگرێت بۆ سەرۆكی ئەنجوومەنی ئاساییش لە نوێنەری هەمیشەی یەكێتی سۆڤیەت لە ئەنجوومەندا، شەرەفمەندم، بە ئاڕاستەكانی حكومەتەكەمەوە ئەو لێدوانانەی خوارەوە بدەم دەربارەی مەسەلەكە:

حكومەتی كۆماری عێراق زۆر بە توندی دوستێوەردانی ڕاشكاوی حكومەتی یەكێتی سۆڤیەت بۆ كاروباری نێوخۆی عێراق پرۆتێستە دەكات. لە ڕاستیدا ئەو لێدوانانەی ئەو دوایە كە لە حكومەتی یەكێتی سۆڤیەت دەرچوو بە پێشێلكردنێكی راشكاو دادەنرێت بۆ پرنسیپێكی گرنگی میساقی نەتەوە یەكگرتووەكان، كە ئەویش بریتییە لە دەستێوەرنەدان لە كاروباری ناوخۆی وڵاتە ئەندامەكان،ئەو پرنسیپەی كە لەوەو پێش یەكێتی سۆڤیەت پەیمانی ڕیزلێنانی خۆی پێیەوە دابوو لە چەندین بۆنەش لاف ئەوەی لێدابوو.

قسەكردن لەسەر شەڕی قەڵاچۆكرن لە دژی كوردا لە باكوور هیچ بنچینەی راستی بۆ نییە. ئۆپەراسیۆنە سەربازیەكان لە ناوچەیەكی سنوردار بەڕێوە دەچن ولە بنەڕەتیشدا ئاڕاستە كراوە دژی دەستەیەكی ناپاكی (خاینی) سەرپێچیكەر لە یاسا، بە پاڵپشتی دەرەوە بۆ پارچە پارچە كردنی یەكێتی گەل وخاكی عێراق.

هەروەها ئیدیعا كردنی سۆڤیەت بە بەشداربوونی هێزی غەیرە عێراقی لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكان لە دژی كورد لە باكووری عێراقدا هەرگیز هیچ راستییەكی بۆ نییە، هەر بۆیە ئەو ئیدیعایەی یەكێتی سۆڤیەت ڕەتدەكەینەوە لەمەر بەژداریكردنی هێز وفرۆكە جەنگیەكانی سوریا لە باكووری عێراق. تەنها دەستێوەردانێكی بیانی لە كاروباری عێراقدا دەستێوەردانی روسییە لە ڕێگای خستنە بەردەمی مەسەلەیەكی عێراقی نێوخۆیی بۆ بەردەم ڕێكخراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان. سەرەڕای ئەوەش لەو دواییەدا دەبینین میدیاكانی سۆڤیەتی ووڵاتە هاوپەیمانەكانی هانی یاخیبوە خاینەكان دەدەن بۆ چەك هەڵگرتن دژی حكومەت كە بەر لە ئێستا سۆڤیەت دانی پێدا هێنابوو.

دەستێوەردانی سۆڤیەت بۆ كاروباری عێراق وەك بەرجەستە دەبێت لە نامەكەی نوێنەری هەمیشەی لە نەتەوە یەكگرتوەكان، هەڕەشەیەكی ڕاشكاوە بۆ سەربەخۆیی ویەكپارچەیی خاكی عێراق. بەردەوام بونی ئەو دەستێوەردانانەش، هەرچەندە عێراق گوزارش لە خۆشحاڵیبونی دەكات بۆ بەهێزكردنی پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ یەكێتی سۆڤیەت، بۆتە مایەی نیگەرانی وبێزاریبونێكی زۆر لە نێوەندە عەرەبییەكان، كە زۆر بە سەرسامییەوە پێشوازی كرد لە هەواڵی ئەو هەڵوێستە دوژمنكارانەیە.

هەروەها ئەو دەست خستنە ناو كارە هەڕەشەیەكی ترسناكە بۆسەر ئاشتی وئاساییشی نێودەوڵەتی.

بۆیە هیواداریین یەكێتی سۆڤیەت ئەو دەستێوەردانەی بۆ كاروباری عێراق دەمودەست بوەستێنێ وڕیز لە بەندەكانی میساقی نەتەوە یەكگرتوەكان بگرێت، كە جەخت دەكات لەسەر پاراستنی یەكێتی خاك وسەروەری ناوخۆیی وڵاتە ئەندامەكان.

دڵسۆزتان

ئیمزا : عەدنان پاچەچی

نوێنەری هەمیشەی عێراق لە نەتەوە یەكگرتوەكان

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لەناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.